# ئەزموونێکی گرنگ و پەندی مێژوویی



**دوکتۆر حوسەێن محەمەد عەزیز**

**(1)**

**یاد و بیرەوەری**

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)، دوای (10) ساڵ دووره وڵاتیی، لەگەڵ ڕەوانشاد (شێرکۆ بێکەس)، لەڕێی (لەندەن). ەوە بەرەو (کوردستان) گەڕاینەوە، ئەوە یەکەمین سەردانی (کوردستان)م بوو.

ڕۆژی (4. 10. 1991)، لە (لەندەن) لە ئوتێلەکە دانیشتبووم، (شێرکۆ) گوتی: بە تێلیێفۆن قسەم لەگەڵ کاك (نەوشیروان) کرد و داوەتیکردم. پێم گوت: من هەر خۆم نیم، فلان کەسیشم لەگەڵ دایە.

گوتی: دەیناسم، با ئەویش بفەرموێ.

گوتی: ئێوارە یەکێ بە دواماندا دەنێرێ و دەڕۆین.

گوتم: باشە. ئێوارە لەبەردەم ئەندەرگراوندەکەدا وەستابووین، ڕەوانشاد (شەوکەتی حاجی موشیر) هات و لەگەڵ خۆی بردینی. دانیشتنەکە لە ماڵی (شێخ موحەممەد سەرگەڵوویی) بوو، هێندێ کەسی دیکەشی لێ بوو. لە هەمووشی خۆشتر ئەوەبوو، هەر دوو هاوڕێم: ملازم (عومەر) و (مستەفا چاوڕەش)یش لە ئەوێ بوون، کە ماوەی بیست ساڵێ دەبوو، نەمدیبوون. زۆر بە گەرمیی، پێشوازییان لێ کردین و ڕێزێکی زۆریشیان لێ گرتین. بێگومان، هەر لە ساڵی (1969)ەوە، بەهۆی گۆڤاری (ڕزگاری)یەوە، ناوی (نەوشیروان مستەفا)م بیستبوو. بەڵام لە ژیانی خۆمدا نەمدیبوو.

من و (شێرکۆ) و (نەوشیروان)، لە نزیک یەکدییەوە دانیشتبووین. هەموو جۆرە خواردنەوە و مەزەیەک دانرابوو. شەوێکی هێندە خۆشبوو، هەرگیز بیرناچێتەوە. بە تایبەتی، سەبارەت بە ڕەوشی (کوردستان) و ئایندەی کورد، دەمەتەقێیەکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخمان کرد، هەر کەسێ دید و بۆچوونی خۆی، بە ڕاشکاویی دەربڕی. بەڵام هەردوو برادەر (شێرکۆ) و (نەوشیروان)، بە دووکەڵی جگەرە قانیاندابووم، منیش ناچار بووم، جگەرەیەک بکێشم، بۆئەوەی دووکەڵەکەی ئەوان هەڵ نەمژم!

من کۆمەڵێ پرسیارم لە (نەوشیروان) کرد و دەمەتەقێیەکی گەرم، لە نێوانماندا درووست بوو. پاشان ڕووی دەمی تێ کردم و گوتی: دە کاکە ئێوەش سەرێ لە (کوردستان) بدەنەوە، تا لە نزیکەوە بزانن، ئەو گەلە چی بەسەرهاتووە و چۆن دەژی!

پێش ئەوەی من وەڵامیبدەمەوە، (شێرکۆ) وەڵامیدایەوە و گوتی: بەیانی لە ڕێی (ئێران)ەوە، پێکەوە دەگەڕێینەوە. ئیدی تا درەنگانێ دانیشتین، دوایی هەر من و برادەران (شێرکۆ، نەوشیروان، عومەر و مستەفا)ماینەوە. من چووم دەستم بشۆم، کە گەرامەوە، بینیم، خوان ڕازاوەتەوە. خاوەن ماڵ کفتەسڵقاوێکی زۆر خۆشیان بۆ لێنابووین. لە پاڵ دیوارەکەدا، دۆشەکێ داخرابوو، هەر سێ برایانیش (شێرکۆ، عومەر و مستەفا)، لەسەر ڕاخەرێک و لە ئەوبەر خوانەکەوە دانیشتبوون. منیش چووم و لەسەر دۆشەکەکە دانیشتم. (شێرکۆ) گوتی: وەرە ئێرەوە، ئەوە جێی کاک (نەوشیروان)ە. گوتم: جا با جێی ئەو بێ، جێی هەردووکمان

دەبێتەوە، خۆ پاڵ ناکەوێ! هەڵبەتە ئەوان ئەو وەڵامەیان پێ خۆش نەبوو. بەڵام من بە دەم نانخواردنەوە ویستم، ئەو کەشە بێدەنگییە بگۆڕم. گوتم: بەبۆنەی ئەم کفتەیەوە، نوکتەیەکم بیرکەوتەوە.

پیاوێ لە ماڵێ میوان دەبێ، کفتەیان بۆ لێناوە. زۆری حەزلێدەکا و سێ کفتە دەخوا. خاوەن ماڵەکەش چاوی لێیەتی، هەر هەڵپەیەتی و دەخوا. دوایی میوانەکە دەسهەڵدەگرێ و دەڵێ: خوا نەیبڕێ و دەستانخۆشبێ، کفتەیەکی زۆر خۆشبوو. خانەخوێکەش بە تەوسەوە پێی دەڵێ: دە تو خوا گەر کفتەیەکی دیکەش نەخۆێ! ئەویش دەڵێ: زۆر سوپاس، بە خوا ناتوانم، دوو کفتەم خوارد. خانەخوێکەش دەڵێ: نا نا بخۆ، سێ کفتەت خوارد، بیکە بە چوار! ئیدی کەمێ جووڵە لە دانیشتنەکە کەوت. دوایی (نەوشیروان) بە (شێخ موحەممەد)ی گوت: بیانگەیەنەرەوە بۆ ئوتێلەکە و ماڵاواییمان لە یەکدی کرد. ئەوە یەکەمین جاربوو، لە نزیکەوە (نەوشیروان) ببینم، پێکەوە دانیشین و قسەبکەین. پیاوێکی زۆر خاکیی و بێفیزبوو، لە ئەو وڵاتەش، دەستێ جلی پێشمەرگەی لەبەردابوو!

من دوایی تێگەیشتم، (شێرکۆ) ویستی، من بە ئەو برادەرە بناسێنێ، تا لە نزیکەوە، گوێم لە ڕا و بۆچوونەکانی بێ. بۆیە هەر ڕۆژی دوایی لێی پرسیم: دانیشتنەکە چۆن بوو؟ گوتم: زۆر خۆشبوو. گوتی: ڕات بەرانبەر کاک (نەوشیروان) چییە؟ گوتم: لە چ ڕوویەکەوە؟ گوتی: دید و بۆچوونەکانی. گوتم: گەر کەمێ نەرمتربوووایە، بێ وێنە بووا!

هەرچی چۆنێ بوو، ڕۆژی (7. 10. 19911) گەیشتینەوە (سولەیمانیی). ماوەیە لە ئەوێ بووم. ئێوارەی ڕۆژی (25. 10. 1991) دانیشتنێکم سازکرد و (شیرکۆ)شم بانگکرد. لە هەستاندا پێی گوتم: من لەگەڵ تۆ ناگەڕێمەوە، ماوەیەکی زۆر دەمێنمەوە، برادەرانی (یەکێتیی) داوایان لێ کردووم، جارێ نەگەڕێمەوە. پاشان ژمارەی تێلێفۆنەکەی (نەوشیروان)ی دامێ و گوتی: لە گەڕانەوەتدا، پێی بڵێ: ئەو لە ئەوێ مایەوە، ئیدی خۆی تێدەگا!

کاتێ گەڕامەوە، ڕۆژی (29. . 10. 19911)، لە (لەندەن) تێلێفۆنم بۆ (نەوشیروان) کرد و ڕاسپاردەکەی (شیرکۆ)م پێ گەیاند. قسەکانمان درێژەی کێشا و سەبارەت بە ڕەوشی

(کوردستان)، هێندێ پرسیاری لێ کردم. من هەر هێندەم گوت: تازە (کوردستان) ئازادە، جەماوەری کورد بەرگەی هەموو شتێ دەگرن، بەڵام نایانەوێ، (بەعس) بگەڕێتەوە. ئەویش گوتی: چۆن ناگەڕێتەوە؟! خۆ ئێمە جیانەبووینەتەوە و تا ئێستەش بەشێکین لە (عێراق). گوتم: ئەوە دید و بۆچوونی جەماوەرە و باوەڕناکەم، لە ئەم بارە نالەبارەی (بەعس) تێیکەتووە، سەر ئێمە بپەرژێ. گوتی: دەڵێی چی، گەر هەموومان بگەڕێینەوە و هەڵبژاردنێ سازکەین، پەرلەمان و دەسەڵاتێکی کوردی دامەزرێنین. وڵاتەکەی خۆمان بەڕێوەبەرین؟ گوتم: کارێکی زۆرباشە، بەڵام منی تێدا نیم. گوتی: بۆ؟! گوتم: چونکە لە هەموو شوێنێ، پارتەکان بارەگە و زاڵگەی تایبەتی خۆیان هەیە، کەس گوێ لە کەس ناگرێ و هەرایە، منیش بێلایەنم و بۆ من دەس نادا!!

کەچی ئەوا تا ئێستە (26) ساڵ، بەسەر ئەو قسانەدا تێپەربوو، نەک هەر (بەعس) نەگەڕایەوە، بەڵکوو ڕژێمەکەشی ڕوخا! *

* سەبارەت بە دانیشتنی ئەو شەوە و زانیارییەکانی دواتریش لە لاپەڕەکانی (138-140، 146-147، 155، 157، 187 و 189)ی پەرتووکی (شێرکۆ بێکەس – یاد و بیرەوەریی/ 2013)، بە درێژی باسمکردووە.




(2)

**گەندەڵی و چاکسازی**

دوای (9) مانگ و (12) ڕۆژ و ڕۆژی (19. 1. 1992)، بۆ دووەمین جار، سەردانی (کوردستان)م کردەوە. لە ئەو ماوەیەدا، زۆر بە وردیی، لە ڕەوشی (کوردستان)، دەسەڵاتی کوردیی و پێوەندیی نێوان (پارتیی) و (یەکێتیی)م کۆڵییەوە، ڕەوشی وڵاتەکە، لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر خراپبوو. لەبەرئەوە کاتێ گەڕامەوە، سەبارەت ئەو بارە خراپە، ڕۆژی (27. 8. 1992) نامەیەکی درێژم بۆ (نەوشیروان) نووسی و بۆم نارد. هەموو کەموکووڕییەکانم دەسنیشانکرد، باری سەرنجەکانی خۆم دەربڕی و هێندێ پێشنیازیشم، بۆ چاککردنی ئەو بارەنالەبارە کرد، بۆئەوەی بە هەموو لایە هەوڵبدەن، بەرەو چاکبوونی بەرن. چونکە بڕوام وابوو، تەنیا هەر ئەو پیاوە دەتوانێ، ئەو کارە گەورە و گرنگە جێبەجێکا. بەڵام بە داخەوە، نە لە کاتی خۆیدا وەڵامیدایەوە، نە کەس گوێی لێ گرتم و نە هیچ جۆرە هەنگاوێکیش نرا، تا چاکسازیبکەن، خۆیان و گەلەکەیان، لە ئەو گێژاوە ڕزگارکەن و بەر بە جەنگی نێوخۆ بگرن.

بۆیە بە شانازییەوە دەڵێم: (25) ساڵ لەمەوبەر و لە (کوردستان) یەکەمین کەس بووم، دژی گەندەڵیی دواوم، مەترسییەکانیم باسکردووە و داوای چاکسازیم کردووە. بەڵام من وەک کوردێکی سەربەخۆ و بێلایەن، خاوەن دەسەڵات و پارت نەبووم، تا هەنگاوی بۆ بنێم. وەک نووسەرێکی ئازادیش، هەر هێندەم پێ کراوە، بنووسم و پێشنیازبکەم، کە خۆیان درەنگ دەسیان پێ کردبێ، گوناهی من نییە و هەر ئەو ڕەوشە خراپەشی لێ دەکەوێتەوە!

لە (ستۆکهۆڵم) لەگەل ماڵی (شێرکۆ بێکەس)، لە یەک گەڕەک بووین و ماڵەکانمان لە یەکدییەوە زۆر نزیکبوو. بە سەردان هاتبووەوە و تێلێفۆنی بۆ کردم، منیش سەرم لێ دا. چونکە نیازی وابوو، سەردانی (لەندەن) بکا. گەلێ قسەمانکرد، پاشان نامەیەکی دیکەی کورتم، بۆ (نەوشیروان) نووسی و بە (شێرکۆ)دا بۆم نارد. ئەمەش دەقەکەیەتی:

برای هێژا کاک (نەوشیروان)

گشت کاتتان شاد

وێڕای ڕێز و سڵاو، هیوادارم هەمیشە سەرکەوتووبن.

برام! کاتی خۆی لە (27. 8. 19922)دا، دەربارەی بارودۆخی (کوردستان)، نامەیەکم بۆ ناردن. بۆ ئاگاداریتان، لەبەر هێندێ هۆ بڕیارمداوە، نامەکە بە نامیلکەیەک بڵاوکەمەوە. دوای ئەوەی پێشەکیی و چەند پەراوێزێکم بۆ نووسیوە. هیوادارم، گەر لە ئەو بارەیەوە، هەر تێبینییەکتان هەیە، ئاگادارمکەنەوە.

لەگەڵ ڕێز و سڵاومدا

براتان

حوسێن موحەممەد عەزیز

21 .5 .1995

ئەویش بە ئەم نامەیە وەڵامیدامەوە.

لەندەن

27 .05 .95

برای بەڕیز کاک حسین

سڵاوێکی گەرم. هیوادارم هەمیشە لە خۆشیی دابن.

بە سوپاسێکی زۆرەوە نامەکەت و کتێبەکانتم وەرگرت. هەروەها لە کوردستان کاتی خۆی نامە درێژەکەت و کتێبەکەتم پێگەیشت. ڕاستەکەی کاتی خۆی من نەم ویست قسەبکەم و بیروڕاکانی خۆم دەربڕم بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی بەینی یەکێتی و پارتی بە باشی بمێنێتەوە و گرژی تێ نەکەوێ. بە داخەوە ئەوەی هەمووومان لێی ئەترساین قەوما. شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا، ئەوسا منیش بە ڕاشکاوی هەندی لە بیروڕا تایبەتیەکانی خۆم دەربڕیوە بە نووسین و لە تەلەفیزیۆن دا. ئێستاش کتێبێکم ئامادەکردوە بۆ چاپ لەسەر ڕوداوەکانی 94-95 ئومێدم وایە بەم نزیکانە بتوانم چاپی بکەم. ئەوسا بە چاکی لە " تصوراتی" من تێ ئەگەیت.

حەز ئەکەم ئەوە بزانی من بە تەمای هیچ پلە و پایەیەکی سیاسی یا حیزبی نەماوم. گەورەترین ئاواتم ئەوەیە میللەتەکەم بە ئازادی و سەربەرزی و خۆشی بژی. نازانم ئاواتەکەم دێتە دی یانە؟ هەروەها بە تەمای هیچ پلە و پایەیەکی حکومەتی نەبووم و نیم.

دەربارەی نوسینەکانی خۆت. بێگومان هەموی نیشانەی دڵسۆزی و پەرۆشە بۆ کورد و مەسەلەکەی. بەڵام پێم سەیرە ڕۆشنبیر و سیاسی وەکو ئێوە مانان، هەردوو لا بخاتە یەک تەرازووەوە و هەردوو لا وەکو یەک بکوتێ و بە یەک چاو سەیری هەردوو لا بکات. لایەک ئەیەوێ بناغەی دەوڵەتی قانون و نیزام دابنێ و لایەک ئەیەوێ حوکمی بنەماڵە و میلیشیاکانی بسەپێنێ و ڕێگە نادا حکومەتێکی شارستانی لە کوردستان دا دابمەزرێ. من باسی ڕەوتی گشتی هەردوو لا ئەکەم، ئەگینا کەموکوڕی و خراپە لە هەموو لایەک دا هەیە.

ئەو پرۆژەیەی تعلیقەکەت لەسەر نووسیوە، من ئامادەم کردووە، ئەگەر پارتی بهاتایەتە پێشەوە ئێمە بە جدی جێبەجێمانئەکرد. زۆری گیروگرفتەکان چارەئەکران. *

لە کۆتایی دا دوبارە سڵاو و سوپاس و لەگەل ڕێزی بێ ئەندازەی

نەوشیروان مستەفا

پاشان نامەکەم وەک دیکۆمێنتێکی مێژوویی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی، بە نامیلکەیەک بڵاوکردەوە. ناونیشانەکەی (نامەیەکی دریژ بۆ نەوشیروان مستەفا) بوو، (48) لاپەڕە دەرچوو، پێشەکییەکی (3) لاپەڕەیشم بۆ نووسی و ساڵی (1995) لە (سوید) بڵاومکردەوە.

* مەبەستی لە ئەو پرۆژەیە بوو، کە ڕۆژی (27. 7. 1994)، بە ناونیشانی (دەربارەی پرۆژەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) نووسیومە و بە نامیلکەیەک لە شاری (ستۆکهۆڵم) بڵاومکردەوە .



**(3)**

## گەڕانەوە بۆ (کوردستان)

ڕۆژی (1. 12. 2004)، بۆ حەوتەمین جار، سەرم لە (کوردستان) دایەوە و میوانی فیستیڤاڵی (گەلاوێژ) بووم. پاشان بە تەواوی بڕیارمدا، بە یەکجاری بگەڕێمەوە و لە زانکۆ دامەزرێمەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، داوام لە ملازم (عومەر) کرد، یارمەتیمبدا. ئەویش زۆری پێ خۆشبوو، بەڵێنیدا، بە زووترین کات کارەکەم بۆ جێبەجێکا. هەر ئەو شەوەش لە یانەی (تەلاری خێزانی برادەران (شیرکۆ بێکەس، ڕەووف بێگەرد، ملازم مەنسوور، ڕەوانشاد دوکتۆر کوردۆ عەلی) کۆبووینەوە و داوەتی ئەو بووین. ملازم (عومەر) گوتی: لای کاک (نەوشیروان) بووم، باسی ئیشەکەی تۆم لەگەڵ کرد، زۆری پێ خۆشبوو. گوتی: پێی بڵێ، هەر براکەی جارانە و گەر میوانیشم نەبووایە، منیش دەهاتم!

ئەوەبوو، من بۆ سبەینێ بۆ (سوید) گەڕامەوە. دوای ماوەیە ملازم (عومەر) تێلێفۆنی بۆ کردم و گوتی: ئیشەکەم بۆ تەواوکردووی، پێویستیان بە خۆت هەیە. منیش هەر یەکسەر، ساڵی (2005) بەیەکجاری گەڕامەوە. هەر زوو فەرمانی دامەزراندنەوەکەم دەرچوو، لە زانکۆی (سولەیمانیی) دامەزرامەوە. بەڵام نەک هەر ڕەوشی (کوردستان) نەگۆڕابوو، بەڵکوو هەر سەرمسووڕما، چونکە ڕەوشەکە خراپتربووبوو، چاکتر نەبووبوو. لەبەرئەوە بە پێویستم زانی، بۆ دووەمین جار، بابەتەکە لە (کوردستان) بڵاوکەمەوە. دوای ئەوەی پێشەکییەکی (12) لاپەڕەیی نوێم بۆ نووسی، ساڵی (2006)، لە دووتوێی (70) لاپەڕەدا چاپمکردەوە و (2000)

دانەشم لێ ڕاکێشا. لە ماوەیەکی کەمدا لە بازاڕدا نەما، دەنگێکی زۆری دایەوە، بابەتەکان جێی سەرنجی خوێنەران و ڕێکخراوەکان بوو. چونکە لە ماوەی ئەو (14) ساڵەدا (1992-2006)، هەر پێشبینییەکم کردبوو، هەمووی بە زیادەوە هاتبووەدی! دواتریش ساڵی (2015)، بە (15) ئەڵقە لە فەیسبووکدا بڵاومکردەوە.




**(4)**

## ناکۆکی و دیدی جیاواز

هەرچەندە ناکۆکی نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی (یەکێتی) و باڵە جیاوازەکانی، لەسەر بەرنامە و بەڕێوەبردنی (یەکێتی) و شۆڕش، مێژوویەکی کۆنی هەیە. بەڵام ئەم ناکۆکییەی دوایی نێوانیان توندتربوو، چونکە لە لایەکەوە، ناکۆکییەکانی نێوان (نەوشیروان) و (مام جەلال) بە تایبەتی، لە لایەکی دیکەشەوە نێوان (نەوشیروان) و هێندێ ئەندامانی سەرکردایەتی (یەکێتی) بە گشتیی، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە سەریانهەڵدابوو، جۆرە خەسڵەتێکی تایبەتی دیکەیان هەبوو، پتر لە دژی گەندەڵیی و بیرۆکراتییەت، گۆڕانکاریی و چاکسازیی، لە ڕیزەکانی (یەکێتی) و دەسەڵاتدا خۆی دەنواند.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ناکۆکییانەی نێوانیان، هیچ جۆرە پێوەندییەکی، بە جیاوازیی بیر و ئایدۆلۆژیاوە نەبوو، بەڵکوو هێندێکی ناکۆکیی تاکەکەسیی، لەسەر تەخشانوپەخشانی سامانی (یەکێتی) و دەسەڵات بوون. هێندێکیشی پێوەندیی بە سیستەمی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی

(یەکێتیی) و کاروبارەکانی دەسەڵاتی هەرێمەوە هەبوو. لەسەر هێندێ خاڵی چارەنووسسازی یەکلاکەرەوە، دید و بۆچوونی جیاوازیان هەبووە و ناکۆکبوون. ئەو ناکۆکیی و جیاوازییانەش، بێ چارەسەر مانەوە، تا وای لێهات، ڕۆژبەڕۆژ دەلاقەی جیاوازیی نێوانیان فراوانتردەبوو. بۆیە (نەوشیروان) لە ئەو بڕوایەدا بوو، تازە درەنگە و چارەسەرناکرێ!

ڕاستە (نەوشیروان)، هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە، چاکسازیی لەنێو ڕیزەکانی (یەکێتیی)دا بکا، هەڤاڵەکانیشی بە ڕووکەش پشگیریانکردووە، بەڵام هیچ کەڵکێکی نەبووە، بە تایبەتی پێی وابووە، (مام جەلال) نایەوێ، چاکسازیی ڕیشەیی بکا. لەبەرئەوە لە ئەنجامدا، بە ئەو بڕوایە گەیشتووە، نە (مام جەلال) بە ئەوە قایلدەبێ، تەنیا هەر سەرۆک کۆمارێ و وەک نوێنەرێکی گەورەی کورد، لە (بەغدا) کاربکا. نە دەشتوانێ، سنووری دەسەڵاتەکانیشی کەمکاتەوە. جگە لە ئەوەی، بە تەنیا باڵیش بۆی نەدەکرا، دژایەتی ئەو هەموو کادێرە گەندەڵانە بکا، کە بەرژەوەندییان لە چاکسازیی و پێڕەوکردنی سیستەمێکی نویی تایبەتی کارکردندا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی (2004)یش، لەگەڵ دوو ئەندامی سەرکردایەتی (کۆسرەت ڕەسووڵ) و (عومەری سەییدعەلی)، بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی ڕیفۆرمەوە بڵاوکردەوە، بەڵام ئەویش هەر کەڵکی نەبوو. *

بۆیە بە تەواویی، لە چاکسازیی نێو (یەکێتیی) بێ هیوابووە، هیچ چارەسەرێکی دیکەی بەدەسەوە نەماوە و نائومێدبووە. لەبەرئەوە ساڵی (2006)، وازی لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتیی هێناوە، کە دوای دووەمین کۆنفرانس، ئەو پۆستەی وەرگرتووە. پاشان هەر بە یەکجاری دەسیلەکارکێشاوەتەوە و لەبری ئەوەش، سەرەتا کۆمپانیای وشەی دامەزراندووە.

هەڵبەتە کات زۆر گرنگە و سەرکردەی بلیمەت دەبێ، هەرگیز هەلی مێژوویی لەدەست خۆی نەدا. چونکە گەر هەلە مێژوویەکە لەبارچوو، کارێکی هەروا ئاسان نییە، بتوانرێ، ئامانجەکانی گۆڕانکاریی و چاکسازیی بەدیبێنێ. ئاخر لە دوای ڕاپەڕینەوە، ئەو ناکۆکیی و کەموکوورییانە، ئەو دزیی و ڕاووڕووتانە، ئەو گرانیی و گەندەڵییانە هەر هەبوون، بەڵام ئەو دوای (15) ساڵ (1991-2006) دەسپێکرد، هەرچەندە ئەو پیاوە لە ماوەیەکی کەمدا توانی

جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خۆی و بزووتنەوەکەی کۆکاتەوە. پاشان ڕایبگەیەنێ، بە ناوی کۆمپانیای وشەوە، بە لیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان دادەبەزێ. لە ئەنجامیشدا توانی، لە هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی (25. 7. 2009)ی پەرلەمانی (کوردستان)دا، (25) کورسی بباتەوە و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەسبێنێ، بەڵام هێشتا زۆری مابوو، بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی و بزووتنەوەکەی بگا!

* کاتی خۆی ڕەوانشاد (جەوهەر نامیق)، بە ئیمێڵ ئەو بڵاوکراوەیەی بۆ ناردم و گوتی: بەڵکوو لە شوێنێ بڵاویکەیتەوە. منیش تێلێفۆنم بۆ هاوڕێم (کەمالی جەمال موختار) کرد و گوتی: بۆم بنێرە، لە (کوردستان پۆست)دا بڵاویدەکەمەوە. سەرکردەکانی (گۆڕان)یش نەیاندەزانی، ئەو کارە کێ کردوویەتی، تا خۆم ساڵی (2014)، بە هاوڕێم (مەحموود ڕەزا)ی ئامۆزای (نەوشیروان مستەفا)م گوت.



(5)

### چەند تێبینییەکی گرنگ

هەموو مرۆڤێ هێندێ خەسڵەتی چاکە و خراپەی هەیە. پێ بزانێ یا نەزانێ، لە گەشتی ژیانی تایبەتی خۆی و لە بواری کارکردندا، کۆمەڵێ هەڵە دەکا. دە دیارە (نەوشیروان)یش وەک مرۆڤێ، لە ئەم یاسایە بەدەر نەبووە و نییە! لەبەرئەوە پێم وایە، تا ئەو ڕۆژەی وازی لە (یەکێتی)

هێناوە، بزووتنەوەی (گۆڕان)ی دامەزراندووە، لە هەموو هەڵە و کەموکووڕییەکانی نێو (یەکێتیی)، لە هەموو کارێکی چاکە و خراپەی ڕەوشی شۆڕش و (کوردستان) بەشداربووە، خۆشی زۆر ئازایانە، دانی بە ئەم ڕاستییەدا ناوە!

بەڵام دوای ئەو مێژووە، بە هیچ شێوەیەک، دەسی لە ئەو گەندەڵیی و بێسەروبەرییەی نێو (یەکێتیی) و دەسەڵاتدا نەبووە. چونکە توانی، هێڵێکی جیاکەرەوە، لەنێوان چاکە و خراپەدا بکێشێ، داوای گۆڕانکاریی و چاکسازیی بکا، نەوەیەکی نوێ پێبگەیەنێ، هەرچەندە بە ئەو ئامانجەوە سەرینایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لێرەدا هێندێ تێبینی هەیە، بە پێویستی دەزانم، بۆ مێژوو تۆماریانکەم.

1- (نەوشیروان) نەدەبوو، (کۆمەڵە) هەڵوەشێنێتەوە. چونکە (یەکێتیی)، هەر لە سەرەتای درووستبوونیەوە، هەرگیز پارتێکی یەکگرتوو و هاوسەنگ نەبووە، بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراویشی نەبووە، بەڵکوو وەک نیمچە بەرەیەک وابوو، لە کۆمەڵێ ڕێکخراو و پارتی جیاواز پێکهاتبوو. کاتێ وردەوردە، ئەو ڕێکخراوانە خۆیان هەڵوەشاندەوە و لەنێو (یەکێتیی)دا توانەوە، کۆمەڵێ باڵی جیاواز درووستبوو، هەر باڵێکیش بە دوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی و هەڤاڵەکانیدا دەگەڕا. لەبەرئەوە چاکسازی لەنێو ڕێکخراوێکی وا تێکەڵوپێکەڵدا، زۆر کارێکی سەختە و ڕێژەی سەرکەوتنی کەمە!

مەرجیش نییە، (نەوشیروان) کۆمەڵەی هەر وەک ڕێکخراوێکی (مارکسی – لێنینی) بهێشتایەتەوە، یا هەر بە ناوی کۆمەڵەوە کاریبکردایە، بەڵکوو دەیتوانی، لە کۆنگرەیەکدا ئایدۆلۆژیایەکی دیکە و ناوێکی دیکەی نوێ هەڵبژێرێ، وەک چۆن (بزووتنەوەی گۆڕان)ی دامەزراند.

2- ئەم ناکۆکیی و دووبەرەکییەی نێوان ڕیزەکانی (یەکێتیی)، لە کاتێکی زۆر هەستیاردا ڕوویدا. چونکە لەلایەکەوە، ڕیزەکانی گەلی کورد یەکگرتوو نەبوو، پێوەندیی نێوان (یەکێتیی) و پارتەکانی دیکەی (کوردستان)، زۆر باش نەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە، هێشتا مافەکانی گەلی

کورد، بە تەواویی جێبەجێ نەکرابوو، ململانێیەکی سەختی چارەنووسسازانەش، لە نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی (عێراق)ی نوێدا هەبوو.

3- (نەوشیروان) دەیویست، دەسەڵاتی سکرتێری گشتیی بە تایبەتی و هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی (یەکێتیی) بە گشتیی، سنووردارکا و هەر یەکێ لە ئەوانە، بەپێی بەرەکەی خۆی پێ ڕاکێشێ. ئەوەش لە ئەو بێسەروبەرییەی نێو (یەکێتیی) دوای ڕاپەڕین، بە کەس نەدەکرا. چونکە لە ئەو ڕۆژانەدا، بەرژەوەندیی تایبەتی، لەسەروو بەرژەوەندیی گشتیی (یەکێتیی) و گەلەوە بوو، هەر دەستە و باڵێ، هەوڵیان بۆ خۆیان دەدا، تا دەهات، لەپێناوی پارە و دەسەڵاتدا، ململانێ و ناکۆکییەکان توندوتیژتردەبوون و بە تەواویی، شیرازەی ڕێکخستنەکانی (یەکێتیی) تێکچووبوون. (مام جەلال)یش لە (بەغدا)، بە کاری دەوڵەتەوە خۆی سەرقاڵکردبوو، لە گۆڕەپانەکەوە دووربوو، هێندەی سەرقاڵی کێشە و گرفتەکانی (عێراق) بوو، هێندە بایەخی بە گرفتەکانی نێوخۆی (یەکێتیی) نەدەدا، لەبەرئەوە توانا و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی، لەنێو (یەکێتیی)دا نەمابوو. جگە لە ئەوەی، کۆمەڵێ ئەندامی سەرکردایەتی لە دەوری کۆبووبوونەوە، هەر هەوڵی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بوو، ململانێیەکی سەختیش، لەسەر دەسەڵات لە نێوان باڵەکاندا، جێی هەموو شتێکی دیکەی گرتبووەوە.

4- (نەوشیروان) دەبوایە، پۆستێکی گرنگی وەک سەرۆک شالیارانی هەرێم، یا سەرۆکی پەرلەمانی (کوردستان)ی وەرگرتایە، یا خۆی بۆ سەرۆکی هەرێم هەڵبژاردایە، لەڕێی دەسەڵاتەوە، هەوڵی چاکسازیی لە دەزگەکانی دەسەڵاتی هەرێمدا بدایە. چونکە لەڕێی دەسەڵاتی جێگری سکرتێری گشتیی (یەکێتیی)ەوە، تەنیا هەر هێندەی پێ دەکرا، چاودێریی هەڵسوکەوت و کارەکانی کادێرەکانی خۆیان بکا، لە باشترین باری دەسەڵاتیشدا، تەنیا هەر دەیتوانی، گەر کادێرەکان لە ئاستی لێپرسینەوەدا نەبن، لێپرسراوێکی گەندەڵ و خراپ بن، بیانگۆڕێ.

5- (نەوشیروان) سوور دەیزانی، دوو بنەماڵە بە ناوی پارتپارتێنەوە، فەرمانڕەوایی (کوردستان) دەکەن، خاوەنی پارە و دەسەڵاتێکی زۆرن، هێزێکی چەکداری گەورە و هەوادارێکی زۆریان

هەیە، پێوەندییەکی زۆر باشی، هەرێمی و نێودەوڵەتیشیان هەیە. لەبەرئەوە بە هیچ شێوەیە ناتوانێ، وەک خەونی پێوە دەبینی، ڕەگوڕیشەی ئەو دوو بنەماڵەیە، لە بنوبێخەوە هەڵکێشێ. کەچی سەرەڕای ئەوەش، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەکەوە، یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەوە بوو، بنەماڵەی (بارزانی) بە تایبەتی و بنەماڵەی (برایم ئەحمەد – جەلال تاڵەبانی) لەنیوبەرێ، ئەمەشی نەدەشاردەوە، بەڵکوو لە دانیشتنەکانیدا، لەگەڵ کادێرەکانی (یەکێتیی)، بە ڕاشکاویی باسیدەکرد!

6- یەکێ لە هەڵەکانی (نەوشیروان) ئەوە بوو، لەگەڵ پارتە ئیسلامییەکان هاوپەیمانیی کرد. لە کاتێکدا دەیتوانی، وەک بزووتنەوەیەکی نوێ، زمانێکی هاوبەش لەگەڵ (یەکێتیی) و (پارتیی)دا بدۆزێتەوە. چونکە هیچ کاتێ، هێزەکانی ئیسلامی ڕامیاریی (کوردستان)، لە ئەو دوو پارتە کوردانەتر بیرناکەنەوە، بەرژەوەندیی ئایین و دەوڵەتە ئیسلامییەکان، لەسەروو بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە دادەنێن، هەر لایەکیشیان بە ئاشکرا، پێوەندییان بە یەکێ لە ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرەی (توورکیا) و (ئێران) ـەوە هەیە، ڕێنمایی و یارمەتییان لێ وەردەگرن. ئەگینا ئەوان ئەوڕۆ، هێندە گەورە نەدەبوون و بە ئەو شێوەیەش، دەسەڵاتیان پەیدانەدەکرد!

7- هەڵەیەکی کوشندەی دیکەی (نەوشیروان) ئەوە بوو، بەشداریی لە دەسەڵاتی میریی هەرێمدا کرد. لە کاتێکدا دەبووایە، هەر لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بمایەتەوە، تا بە ئاشکرا بیتوانیایە، هەم هەڵەکانی دەسەڵات لەقاودا و ڕیسوایانکا، هەم جەماوەرێکی زیاتریش، لە دەوری بزووتنەوەکەی کۆکاتەوە. کاتی خۆشی مانگی (3)ی ساڵی (2016)، ئەمەم بە کاک (حەمەتۆفیق ڕەحیم) گوت، ئەویش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو.

8. سەیر ئەوەیە، بزووتنەوەی (گۆڕان) تا ئێستەش، ئەم دەسەڵاتە بە دەسەڵاتێکی نارەوا دەزانێ، بڕوای پێ نییە و بە هیچ شێوەیەکیش، واز لە داواکارییەکانی خۆی ناهێنێ. کەچی هێشتا بە فەرمی، لە دەسەڵات نەکشاوەتەوە وهەموو نوێنەرەکانی (گۆڕان) وەک سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان، شالیار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، تا ئێستە مووچەی خۆیان وەردەگرن!

(6)

## شێوازی بیرکردنەوە

هەرچەندە (نەوشیروان)، ماوەیەکی زۆر سکرتێری (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) بوو، بەڵام ئەوانەی زۆر لە نزیکەوە ناسیویانە، کاریان لەگەڵ کردووە، یا دەمەتەقێیان لەگەڵ کردووە، گەواهی ئەوە دەدەن، کە مارکسیی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر (کوردستان)یانە بیریکردووەتەوە، بەڵام شێوازی بیرکردنەوەکەی، ئامانجی دید و بۆچوونەکانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی سەربەخۆ نەبوو. هەرچەندە چەند جارێ لە گوتارەکانیدا، باسی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی دەکرد! بەڵکوو پێی وابوو، نەتەوەی کوردی خاک دابەشکراو و پارچەپارچەکراو دەتوانێ، لەنێو چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی (کوردستان)دا، مافە نەتەوەیی و ڕامیارییەکانی خۆی بەدەسبێنێ. ئەمەش شتێکی نوێ نەبوو، کە ئەو بڕوای پێی هەبێ، بەڵکوو هەر لە سەرەتای دامەزراندنی (پارتیی)ەوە، ئەو دید و بۆچوونە هەر هەبووە!

بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە، ساڵی (2005) لە دووەمین هەڵبژاردنی خولی پەرلەمانی (کوردستان)، بزووتنەوەی (ڕیفراندۆم) ویستی، سەبارەت بە سەربەخۆیی تەواوی باشووری (کوردستان)، ڕای جەماوەر وەرگرێ. ئەوە بوو، ئەنجامێکی زۆر باشی هێنا و پتر لە (98%)ی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، دەنگیان بۆ سەربەخۆیی باشووری (کوردستان) دا. بەڵام (شێرکۆ بێکەس) پێی گوتم: (کاک نەوشیروان دەنگی بۆ سەربەخۆیی نەداوە!).

هەروەها (نەوشیروان) دەوڵەتی (عێراق)ی، بە دەوڵەتێکی داگیرکەر نەدەزانی، چونکە لە دەمەتەقێکانیدا، زۆر بە ڕاشکاویی، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە. ئەوە جگە لە ئەوەی دوای ڕاپەڕین، لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری (عیراق)دا، نوێنەری کورد بوو. مامۆستا (جەمال عەبدول) بۆی گێڕامەوە و گوتی: چەند کەسێ بووین، لەسەر داوای (مام جەلال) چووین، (نەوشیروان) ببینین. گەلێ بابەتی گرنگ باسکرا، یەکێ لە ئەوانەش دەستووری (عیراق) بوو.

(نەوشیروان) گوتی: لە دانیشتنێکدا پێشنیازمکرد، هەموو هاووڵاتییەکی (عێراق) بۆی هەبێ، لە هەر شوێنێکی (عیراق) ویستی، موڵک (زەوی یا خانوو) بکڕێ، ئازادبێ. بە مەرجێ باری دێمۆگرافیا تێک نەدا! *

بێگومان عەرەبەکان، پێشنیازەکەیان زۆر بە خۆشییەوە پەسەندکردبوو، لە دەستووریشدا جێگیریانکرد. چونکە ئەمە بۆ کورد، نەک هەر پێشنیاز و بڕیارێکی خراپبوو، بەڵکوو گەر جاران، دەوڵەتی داگیرکەری (بەعس)، بە هێزی سەربازیی (کوردستان)ی دەعەرەباند، ئەوا ئێستە بەگوێرەی ئەو خاڵەی دەستووری نوێ، دەوڵەتی داگیرکەری نوێی (عێراق) بۆی هەیە، ئەو پڕۆسە شۆڤێنییە، بە یاسا جێبەجێکا. جا با ئێمە هەر هاوارکەین و بڵێین: مەرجمان بۆ داناوە، کە کار لە گۆڕینی باری دانیشتووان نەکا، کێ گوێمان لێ دەگرێ؟!

لێرەدا پرسیارێ سەرهەڵدەدا، لە ئەو ڕۆژەوە پشێویی و ئاژاوە لە (عێراق) دەسپێکردووە، عەرەبەکانی نێوەڕاستی (عێراق) هەڵاتوون، لە شار و شارۆچکەکانی (کوردستان) نیشتەجێبوون، ئایا گەر نە یانەوێ، یا نەتوانن، بۆ شوێنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، یا گەر دەسەڵاتدارانی عەربە شیعەکان، بە هەر شێوازێ بێ، بیانەوێ، عەرەبە سوونەکان لە زێدی خۆیان هەڵکەنن، هەم ڕێژەی شیعە لە نێوچەکانی بن دەسەڵاتیان زیادکەن، هەم (کوردستان)یشیان پێ تەعریبکەن، هێز هەیە، دەریانکا؟! چونکە بەگوێرەی ئەو بڕگەیەی دەستوور بێ، مافێکی سرووشتی خۆیانە، لە (کوردستان) بژین و موڵکیش بکڕن. ئایا ئەم پڕۆسەیە، کار لە ڕێژەی دێمۆگرافیا ناکا؟!! جا گەر ئەمە، نیشانەی بیری (عێراقچێتی) نەبێ، چی دیکە دەگەیەنێ؟!!

* دستور جمهورية العراق لعام 2005م، الباب الثاني الحقوق والحريات، المادة (23):

ثالثاً:

أ- للعراقي الحق في التملك في اي مكان في العراق، ولايجوز لغيره تملك غير المنقول الا ما استثني بقانون.

ب- يحظر التملك لأغراض التغيير السكاني.




(7)

## پێوەندیی من و...

لێرەدا زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: مانگی (5)ی ساڵی (1981)، ناکۆکیی و پێکدادان، لە نێوان هێندێ لە پێشمەرگەکانی (پاسۆک) و (یەکێتیی)، لە نێوچەی (شارباژێڕ) ڕوویدا و چەندین پێشمەرگە، لە هەردوولا کوژران. لە ئەنجامدا سەرکردایەتی (یەکێتیی) بڕیاریدا، ڕێکخستنەکانی (پاسۆک) لە شار و شاخ پاکتاوکا. فەرمانەکەش لە خودی (نەوشیروان) خۆیەوە دەرچووبوو. یەکێ لە ئەو کەسانەی بڕیاربوو، بیکوژن، من بووم. بەڵام من زوو فریای خۆم کەوتم، خۆم ڕزگارکرد و ڕۆژی (13. 7. 1981)، ڕووم لە (ئەورووپا) کرد! *

ئەز ئەو کاتەش و ئێستەش، سەبارەت بە ئەو فەرمانە و ئەو پیاوە، هیچم لە دڵدا نەبووە و نییە، چونکە دەمزانی، ئەو پیاوە هیچ جۆرە شتێکی تایبەتی تاکەکەسی، لەگەڵ مندا نەبووە، بەڵکوو ئەوەی هەبوو، لە ئەنجامی جەنگی نێوخۆدا بوو، چەندین جار ئەو جەنگە نێوخۆییە، لە نێوان هێزەکانی کورددا بەرپابووە، بە هەزاران کوڕی کوردی، بە خۆڕایی تێدا کوژراوە، دواییش سەرکردەی پارتەکان ئاشتبوونەتەوە، وەک نە بای هاتبێ و نە باران بارییێ، وابووە! بۆ

ڕاستیی ئەم قسەیە و دڵپاکی خۆشم، هەر لە ساڵی (1991)ەوە، بە شێوەیە لە شیوەکان، پێوەندیم لەگەڵ (نەوشیروان)دا هەبووە، نامە و پەرتووکمان ئاڵوگۆڕکردووە و گۆڤاری (چەرمۆ)شم بۆ ناردووە.

هەڵبەتە زۆر ئاشکراشە، کاتی خۆی بۆچی، ئەو نامەیەم بۆ (نەوشیروان) نووسیوە و بایەخم پێ داوە. چونکە باوەڕێکی تەواوم بە ئەو پیاوە هەبوو، کە هەر یەکێکی وەک ئەو دەتوانێ. ئەو کارە مەزنە بکا، بێ ئەوەی سڵ لە کەس بکا و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی لێکبداتەوە. بۆیە زۆر جار داکۆکیم لێ کردووە. بۆ نموونە:

ساڵی (2009) بوو، نزیکی هەڵبژاردنەکان بوو. لە شاری (هەولێر) بووم. (نەزهەت حالی) لێپرسراوی دەزگەی پاراستن بوو، لەڕێی خزمێکمەوە، داوەتی چاخواردنەوەی کردم و کۆمەڵێ قسەمانکرد. پاشان لێی پرسیم: ڕات بەرامبەر (نەوشیروان) چییە؟ گوتم: پیاوێکی ڕووناکبیر و ستراتیژ بینە، زیرەک و بە توانایە، پاک و ڕەوشبەرزە. بە دەموچاویدا دیاربوو، چاوەڕێی ئەو وەڵامەی لە من نەدەکرد و گوتی: بەڵام دەرەقەتی (مام جەلال) نایە. منیش گوتم: ئەوە باسێکی دیکەیە!

ساڵی (2011)، کاتێ مەترسی لەسەر (نەوشیروان) پەیدابوو، بە دوکتۆر (دارا جەمیل)ی هاوڕێم گوت: با بێ بۆ ماڵی ئێمە، من بە تەنیام و کەس گومان لە ماڵی ئێمە ناکا، بەڵام بە مەرجێ، تەنیا هەر خۆت بزانی!

لێرەدا نایشارمەوە و زۆر بە ڕاشکاوییش دەڵێم: بە دڵ حەزمدەکرد، ئەندامێکی چالاکی بزووتنەوەکە بوومایە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیشییەوە، پێیان گوتم و ساڵی (2009)ش، بۆ کۆبوونەوەکەی نێوان نەتەوەییەکان و نوێنەری بزووتنەوەکە، لە (دەباشان)یش بانگیانکردم، بەڵام نەچووم. دوای ئەوەش چەن برادەرێ پێیان گوتم، تۆ دەبووایە، لە بزووتنەوەی (گۆڕان)دا کارتبکردایە، بەڵام وام پێ باشتربوو، هەر وەک بێلایەنێ، لە دوورەوە تەماشابکەم، چاودێریبکەم و باری سەرنجەکانی خۆم دەربڕم. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەز زۆر دژی

گەندەڵی بووم، بە شێوەیەکی بەردەوامیش، لەسەرم نووسیوە و هیوای سەرکەوتنیشم، بۆ بزووتنەوەکە خواستووە.

ئەوەی ساردیشیکردمەوە، تێکەڵ بە بزووتنەوەکە نەبم، ئەوە بوو، هەستم دەکرد، لە دوای ساڵی (2010)وە، بزووتنەوەکە خەریکە، لە پرینسیپە سەرەکییەکانی خۆی لادەدا، بەرەو دەسەڵات هەنگاودەنێ. جگە لە ئەوەی، هاڵاوی بیری (عێراقچێتی)ش، لە گوتار و ڕەفتارەکانیان بەرزدەبێتەوە، ئەوڕۆش لە هەموو کاتێ پتر، ئەو هاڵاوە زیاتر بەرزدەبێتەوە، وەک درووشمێکی سەرەکیی بزووتنەوەکەی لێهاتووە، کە ئەوە هەرگیز لەگەڵ بیروباوەڕی مندا نەگونجاوە و ناشگونجێ! سەرکردەکانی بزووتنەوەکەش لەنێو خۆیاندا، بە شێوەیەکی بەردەوام کێشەیان هەبوو، خەڵکێکی زۆریش وردەوردە، لە بزووتنەوەکە دووردەکەوتنەوە. لەبەرئەوە نەمتوانی، ڕاستەوخۆ بەشداریی لە خەباتی بزووتنەوەکەدا بکەم، چونکە سوور دەمزانی، ئەو ڕێباز و ئامانجانە، تینوێتی من ناشکێنێ و ناتوانم، ئەو بەرنامەیەی بڕوام پێی هەیە، بڵاویکەوەمەوە و جێبەجێیکەم!

* ئەمە باسێکی درێژە، لە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانمدا، بە بەڵگەوە لێی دواوم.




(8)

**پوختە و مالاوایی ...**

ئەز هەر تێبینییەکم لەسەر کەسایەتی و هەڵەکانی (نەوشیروان) هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: پیاوێکی زۆر بە توانا و سەرکردەیەکی خاوەن هەڵوێست بوو، چونکە ئەوە یەکەمین جارە، لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕامیاریی باشووری (کوردستان)دا، ڕووبارێ لە سەرچاوە لیخنەکەی خۆی یاخیبێ، زۆر بوێرانە و ڕاشکاوانە، هەموو کەموکوورییەکانی پارتەکەی لەقاودا، بەرنامەیەکی وانەکرا و تۆکمە دارێژێ، لە هەموو بوارەکانی ژیانی نەتەوەیی، ڕامیاریی، فەرمانڕەوایی و کۆمەڵایەتیدا، داوای چاکسازییەکی بنەڕەتی بکا و بیەوێ، بە ڕێیەکی دیمۆکراسییانە و ئاشتیخوازانە جێبەجێیکا!

هەڵبەتە لە دوورە وڵاتیشەوە و بە ئەو نەخۆشییەش، هەر چاودێری ڕەوشەکەی کردووە و ئاواتەخوازبووە، ئامانجەکانی خۆی و بزووتنەوەکەی بەدیبێ. بۆیە لە (لەندەن)، هاوڕێیەکم لێی پرسیبوو: بۆ ناگەڕێتەوە بۆ (کوردستان)؟ ئەویش گوتبووی: من لێرەوە چاودێری هاوڕێکانم دەکەم، تا بزانم، دوای مردنی خۆم، چۆن بزووتنەوەکە بەڕێوەدەبەن؟!

لە کۆتاییشدا دەڵێم: گەر ئەو نەخۆشییە دوابڕاوە، بڕستی لێ نەبڕیایە، مەرگ مەودای بدایە، تەندرووستیی باشتر بووایە و چەن ساڵێکی دیکە بژیایە، پێم وایە، (نەوشیروان) هێشتا مێشکی کاریدەکرد و دەیتوانی، گەلێ بەرهەمی وێژەیی، مێژوویی و ڕامیاریی گرنگی دیکە بنووسێ، گەلێ بەرنامەی ستراتیژیی بەکەڵکی دیکە دارێژێ، گەلێ کاری دیکەی دەکرد و لە ئامانجەکانی خۆشی نزیکتردەبووەوە، بە تایبەتی بۆ ئەم ڕۆژە، زۆر پێویستبوو. بەڵام نەخۆشییەکەی بێ چارەسەربوو، تا لە ئەنجامدا ڕۆژی (19. 5. 2017)، ماڵاوایی لە ئەو ژیانە پڕ چەرمەسەرییە کرد. ڕەوانی شادبێ، خۆری ئامانج و ئاواتەکانی ئاوانەبێ!

بەڵام گەر لە کونێکەوە، چاوی لە ناشتن و پرسەکەی خۆی بووایە، ئەو سەرکردانەی (یەکێتیی) و نەیارەکانی خۆی ببینیایە، چۆن لەسەر گۆڕەکەی قسەی زلیان دەکرد و وا خۆیان پیشاندەدا، زۆر خەمبارن، کەچی کاتی خۆشی بە ناپاک، ئاژاوەچی، گێرەشێوێن باسیاندەکرد. تەنانەت لە کۆنگرەی (3)ی (یەکێتیی)دا، هەرچی خراپبوو، پێیان کرد! بەڵام چونکە ئەو پیاوێکی

ڕەق و قسەلەڕووبوو، ئازابوو، هەڵەی لە کەس قەبوڵ نەدەکرد، تێرتێر پێیان پێدەکەنی. ڕاستیان فەرمووە: کورد زیندووگێی مردووپەرستە!

دوا قسەشم ئەوەیە، دوای ئەوەی (نەوشیروان)، وازی لە (یەکێتیی) هێنا و بزووتنەوەی (گۆڕان)ی دامەزراند، لە هەڵبژاردنی ساڵی (2009)دا، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەسهێنا، ساڵی (2010)، لە دووتوێی (90) لاپەڕەدا، بەرهەمی (بزووتنەوەی گۆران بەرەو کوێ؟)م بڵاوکردەوە. لە کۆتایی نووسینەکەشدا، پرسیارێکم لێ کردبوون، ئەوا دوای (7) ساڵ و دوای مەرگی ڕێخەری گشتیی بزووتنەوەکەش، هەمان پرسیار لە هەڤاڵەکانی دەکەمەوە و دەڵێم: (بزووتنەوەی گۆران بەرەو کوێ دەڕوا؟!!)




بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتا کلیک بکەرە سەر

www.wtarikurd.info/